# عێراق: بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ

ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. 14 (26ی کانوونی یەکەمی 2016 – 1ی کانوونی دووەمی (2017

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادە کراوە. لەبەر گۆڕانی بارودۆخەکە بە هەرەمەکی، ئەگەری هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەم ڕاپۆرتە دانراون گۆڕانکاریان بەسەردابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەورووبەری 9ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان



Map Sources: OCHA, CCCM, IOM DTM, Clusters
The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations. Map created on 3 January, 2017

- ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی یەکەم چڕبوونەتەوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی 9,000 کەس لە ماوەی چوار ڕۆژدا لە شارەکەوە ڕابکەن. تێکڕای ژمارەی ڕۆژانەی ئاوارەبوون بە ٥٠ لەسەدا زیادی کردووە لەوەتەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان چڕبوونەتەوە.
- ژمارەی قوربانیەکان لە ڕیزی هاوولاتیان زیادیان کردووە. خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ باشور و ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەگەنە توانای تەواوی خۆیان. حکومەت و هاوکارانی کاروباری مرۆیی بەپەلە بەهانایانەوە دەچن بۆ فراوانکردنی توانای خێوەتگە.
- خەڵکی لە ناو موسڵ دووچاری بارودۆخێکی دژواری مرۆیی دەبنەوە. لەسەرانسەری شارەکە کۆگای خۆراك کەمدەبنەوە لەو کاتەی نرخی خۆراکە سەرەکیەکان بەرزدەبنەوە، و بیرەکانی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ ووشك دەبنەوە یان بۆگەن دەبن بەهۆی زیاد لە پێویست بەکارهێنان.
- دابەشکردنەکان لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ هاوکاریان گەیاندۆتە 30,000 کەس بە پێدانی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن، ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 7,524 | 112,000 | 277,307 | 333,000 | 385,901 | 125,568 |
| شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | ڕاوێژکردنی پزیشکی دابین کراوە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس کەل و پەلەکانی ناوماڵیان وەرگرتووە لەوانە پێداویستیەکانی وەرزی زستان (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس خۆراکیان وەرگرتووە کە بۆ ماوەی یەك مانگ بەش دەکات (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس ئاوارەبوون بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) |

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە

دوابەدوای چڕبوونەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە ناو شاری موسڵ لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی یەکەم، ڕێژەی ئاوارەبوون لە موسڵەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لەگەڵ زیاتر لە 9,000 کەس لە ماوەی چوار ڕۆژدا لە شارەکەوە ڕایان کردووە. بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای ڕێژەی ڕۆژانە لە مانگی تشرینی دووەم، چڕبوونەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بۆتە هۆی زیادبوونێکی لەسەدا ٥٠ی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەسەر بنەمای ڕۆژانە ڕادەکەن. بە شێوەیەکی زۆر ئاوارەبوون بەرەو باشور و ڕۆژهەڵات، لەو شوێنەی کە خێوەتگەکان لەلایەن حکومەت و هاوکارانی کاروباری مرۆییەوە بەڕێوە دەچن و ئاوارەی تازە گەیشتوو وەردەگرن و هاوکاری بۆیان دابین دەکەن.

جولانەوە بەردەوامەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان ئەوانیش بوونەتە جێگای تێبینی. تاکو ئەمڕۆ، خەملاندنێکی 14,000 کەس هەیە کە گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان بۆ ئەو ناوچانەی کە بەم دواییە دەستیان پێگەێندراوە لەوانە ناوچەکانی دەوروبەری ڕۆژهەڵاتی موسڵ، وەکو گۆگجەلی و ئەل قودس. بازاڕەکان لەو ناوچانە دووبارە دەکرێنەوە، و خەڵکی دەتوانن دەستیان بگات بە هاوکاری مرۆیی، سەرەڕای نەبوونی ئەمن و ئاسایش.

نیگەرانیەکی زۆر ڕاستەقینە هەیە لەسەر خراپبوونی بارودۆخی مرۆیی لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ و ڕێگای تەلعەفەر، لەوەتەی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی گەمارۆی ئەو شارەی داوە کە نەیهێشتووە هیچ کەل و پەلێکی بازرگانی بچێتە ژوورەوە. هیچ دەستگەیشتنێکی مرۆیی نیە بۆ ئەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆلی داعشن. زیاتر لەوەش، ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ ئاوارەبوون ڕاپۆرتیان کردووە کە نرخەکانی خۆراك لە شارەکە بە خێرایی بەرزدەبنەوە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا. کاتێك دواهەمین پرد کە دەپەڕێتەوە بەسەر ڕووباری دجلە دوابەدوای هێرشێکی ئاسمانی لە ٢٧ی کانوونی یەکەم ڕووخا، خەڵکی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ کۆمەکی و خزمەتگوزاریان لە ڕۆژئاوای شارەکە لێ بڕاوە. وەکو ئەنجامێك، کۆگا هەڵدراوەکانی خۆراك کەم دەبنەوە، کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری دەبێت لەسەر ئاسایشی خۆراك لە نێوان دانیشتوانی هاووڵاتیان. ڕاپۆرتەکانی پێویستی خۆراك لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ پێدەچن هاوشێوە بن لە ڕۆژئاوای موسڵ، هەروەك خێزانەکان ناچارن کە خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنن.

لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، ئۆتۆمبێلێك لە ناو باڵەخانەی نەخۆشخانەی ئیبن ئەل ئەثیر ڕاگیرابوو لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ لەلایەن هێرشێکی ئاسمانی کرایە ئامانج، کە ئەگەری هەبوو ببێتە هۆی کەوتنەوەی قوربانی لە ڕیزی هاووڵاتیان. هەروەك ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان دەچنە نێو قوڵایی ناوچەکانی دانیشتوانی چڕ، کۆمەڵگای مرۆیی نیگەرانە لەوەی ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لەو ململانێیە دەبێت ئەوپەڕی چاودێری بگرنە ئەستۆ بۆ پاراستنی هاووڵاتیان و خۆ دوورگرتن لە زیان گەیاندن بە ژێرخانی هاووڵاتیان لەوانە نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان و وێستگەکانی چارەسەری ئاو.

ڕێژەی قوربانیان لە ڕیزی هاووڵاتیان لە دەوروبەری بەرەکانی شەڕ بەردەوام بەرزە. هەروەك 816 لە بریندارانی ڕاتەکانی دەروونی لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە هەبوون بەمەش کۆی ژمارەی هاووڵاتیانی بریندابوو لەو شەڕە لە وەتەی ٥ی کانوونی یەکەم دەگاتە 3,125 بریندار. دابینکارانی چاودێری تەندروستی زیاد دەکەن، بەڵام بۆشاییەکان هێشتا بەرچاون. لەگەڵ ئەوەی کە سێ خاڵی سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی لە ئێستادا چاودێری ڕاتەکانی دەروونی و خزمەتگوزاریەکانی ڕەوانە کردنی نەخۆش دابین دەکەن، و ٥٠ قەرەوێڵەی مەیدانی بۆ نەخۆشخانە لە نزیك بەرتەلە دامەزراون، ٢١ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، و لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەم دەست بەکاردەبێت.

دابەشکردنەکان لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە جێبەجێ کراون. لە ڕۆژی ٢٧ و ٢٨ی کانوونی یەکەم، 30,000 کەس پاکێجەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاویان وەرگرتووە کە تیایدایە لەوانە خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن، ئاو و کەل و پەلە زۆر پێویستەکانی پاك و خاوێنی و ناوماڵ. دابەشکردنەکانی زیاتر پلانیان بۆ دانراوە بەزووترین کات ئەگەر سنورداریەکانی ئەمن و ئاسایش ڕێگە بدەن.

وەکو دەرەنجامێکی ڕووداوەکانی ئەمن و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، دەستگەیشتن بۆ ئەو ناوچەیە بۆ هاوکارانی کاروباری مرۆیی سنوردارکراوە. یەکەم کاروانی هەڵسەنگاندنی دەستگەیشتن لەوەتەی ١٥ی کانوونی یەکەم کە ئەنجام دراوە بۆ گۆگجەلی لە ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەم، لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی زیاتری پێویستیەکان لە گەڕەکەکانی زوهور و قاهیرە خشتەیان بۆ دانراوە.

هاوکارانی کاروباری مرۆیی بەردەوامن لە گەیاندنی هاوکاری بۆ هەر شوێنێك کە دەستگەیشتن ڕێگەی پێدەدرێت. لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 32,205 کەس هاوکاری کراون بە پێدانی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن لەو ناوچانەی کە تازە دەستیان پێدەگەێندرێت و 1,654 خێزان کەل و پەلە زۆر پێویستەکانی ناوماڵیان وەرگرتووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کەش و هەوای زستان، لەوانە مافورەکان و بەتانیەکان و سۆپاکان و گەرم کەرەوەکان. هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ 2,002 منداڵ دابین کرابوون کە دەکاتە (831 کچ و 1,171 کوڕ). وە 403,761 کەس لە دەرەوەی خێوەتگەکان و 109,244 کەس لە ناو خێوەتگەکان دەستیان دەگات بە خزمەتگوزاریەکانی ئاوی تەواو، تەوالێت و حەمام و پاك و خاوێنی.

## پاڵپشتی كردنی دارایی

**مناشدة الموصل العاجلة**




**التمويل حسب القطاع (بالمليون دولار)**




هەروەك لە ١ی كانوونی دووەم، بڕی بەشداری كردنەكان بۆ بانگەشەی بەپەلەی موسڵ گەیشتوتە $273.3 ملیۆن دۆلاری ئەمەریكی، كە نزیكەی لە سەدا 96ی بڕی پێویست دەنوێنێت. لەگەڵ هاتنی بەشداریكردنەكان، هاوكاران بەردەوامن لە خێراكردنی هەوڵەكانی ئامادەكاری بۆ زیادكردنی توانای خێوەتگە و دابین كردنی هاوكاری وەرزی زستانە و بۆ ئەنجامدانی چالاكیە سەرەتاییەكانی بەهاناوەچوونی مرۆیی. هاوكاران پلان بۆ چالاكیەكانی بەهاناوەچوون دادەنێن بۆ هەموو ئەو كەسانەی كە پێویستیان بە هاوكاری مرۆییە، لەوانە بۆ ئەو كەسانەی كە ئاوارەبوون و هەروەها بۆ هاووڵاتیانی زیان پێگەیشتوو. سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی $18.4 ملیۆن دۆلاری سەرف كردووە بۆ تەندروستی و تەندروستی دایكایەتی و چالاكیەكانی وەرزی زستانە. پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٦ بۆ هەموو عێراق تەنها 83 لەسەدای وەرگیراوە لەو $861 ملیۆن دۆلارە ئەمەریكیەی كە پێویستە بۆ دابین كردنی هاوكاری ڕزگاركردنی ژیان بۆ 7.3 ملیۆن كەسی عێراقی زیان پێگەیشتوو.

**مجموع التمويل للعراق 2016**




**$1.1 مليار دولار امريكي**

المجموع المطلوب من خطة الإستجابة الإنسانية للعراق لـ2016 و النداء العاجل للموصل

**$861 مليون**

مطلوبة لخطة الاستجابة الإنسانية للعراق لـ2016

**$284مليون**

مطلوبة للنداء العاجل للموصل

**$113* مليون**

التمويل من صندوق المجمع الإنساني للعراق للمناشداتين الأثنتين

# بەهاناوەچوونی مرۆیی

## میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە

**191,620**
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم)

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە یان لە ڕێگادان بۆ ناو خێوەتگەکانی ئاوارەبوون و شوێنە تەنگەتاویەکان پێویستیان بە هاوکاری بەپەلەی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانە.

بەهاناوەچوون:

- لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە 760 ,2 پێداویستیەکانی تەنگەتاویان دابەشکردووە بەسەر 2,302 خێزان کە دەکاتە (12,809 کەس). زۆربەی پێداویستیەکان دابەشکرابوون بەسەر ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەگەیشتنە خێوەتگەی جەدعە (6,172 کەس)، خێوەتگەی خازر(5,590 کەس) و خێوەتگەی بنکەی ئاسمانی گەیارە (398 کەس) و خێوەتگەی قەیماوە (306 کەس) و خێوەتگەی دیبەگە (343 کەس).
- لەو کاتەی دەستپێکی ئۆپەڕاسیۆنی موسڵ لە ١٧ی تشرینی یەکەم، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێداویستیەکانی تەنگەتاویان بۆ 191,620 کەس (لەوانە 101,559 منداڵ) دابەشکردووە، لەو ژمارەیە 23,177 کەس هاوکاری کراون لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە کە پێك دێن لە ١٢ کیلۆگرامی پارچەی خۆراکی بەهاناوەچوونی بەپەلە، پێداویستیەکی پاك و خاوێنی لەگەڵ کۆمەکیە جۆراوجۆرەکان کە بەشی یەك خێزان دەکات بۆ ماوەی یەك هەفتە، ١٢ لیتر لە بوتڵی ئاوی خواردنەوە و هەڵگرێکی ئاو. لەو شوێنەی کە دەکرێت، هەروەها ئەو پێداویستیانە تیایدا لەوانە پێداویستیەکی ئافرەتان. هاوکارانی گروپ نزیکەی هەموو پارێزگاکان دەگرنە ئەستۆ لەسەرانسەری عێراق لەگەڵ بەهاناوەچووانی سەرکردایەتی و پاڵپشتی دەستنیشانکراو.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

**7,524**
شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان

پێویستیەکان:

- نزیکەی 112,000کەس بریتین لەو کەسانەی ئێستا ئاوارەبوون پەناگەیان لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان دۆزیوەتەوە، لەگەڵ ئەو ئاوارانەی کە ماونەتەوە لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان و شوێنە نافەرمیەکان نیشتەجێ دەبن.
- خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر و قەیماوە ئێستا پڕبوونەتەوە. فراوانکردنی هەندێك لەو خێوەتگایانە لە ئێستادا لە ڕێگادان. خێوەتگەی جەدعە گەیشتوتە ئەو توانایە کاتیەی خۆی کە بۆی دانراوە، لەگەڵ 2,000 شوێنی ڕەشماڵی تر کە بەپەلە ئامادە دەکرێن.هاوشێوەی ئەوە لە خێوەتگەی نەرگیزلیە٢ کە پێشبینی دەکرێت لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەم ئامادە بکرێت. خێوەتگەی نەرگیزلیە ١ دەستی کردووە بە وەرگرتنی ئاوارەکان لەگەڵ یەکەم 517 کەس کە لە سەنتەری نەرگیزلیە بۆ وەرگرتنی ئاوارەکان. ئەو ئاوارانەی کە دەمێننەوە لە ناوچەی ٢ لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ڕۆیشتوون بۆ ناو خێوەتگەی قەیماوە لە دوای ئەوەی کە شوێن بەرجەستەکرا لە جێگای ئاوارە گەڕاوەکان.

بەهاناوەچوون:

- هاوکارانی کاروباری هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بەردەوامن لە هاوکاری کردنی ئامادەکردنی شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گروپەکانی پەناگە و ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی و کەل و پەل و تەندروستی و ئاسایشی خۆراك و پاراستن و پەروەردە دەتوانن هاوکاری و خزمەتگوزاریەکان دابین بکەن.
- گروپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بەردەوامە لە بانگەشە کردنی هەردوو لایەنی هاوکارانی کاروباری مرۆیی و دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سەرەکیەکان کە لە ناو شوێنە تەنگەتاویەکان و خێوەتگەکان دەستنیشان کراون کە لە ئێستادا ئاوارەکان وەردەگرن.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- لە دامەزراوە خێوەتگەییەکان، دامەزراندنی خزمەتگوزاریەکانی هاوکاری سەرەکی تەواو ناتوانێت لەسەر ئەو خێراییەی بمێنێتەوە لەگەڵ ئامادەکردنی شوێنەکانی ڕەشماڵ، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە دەکەونە باشوری شاری موسڵ.
- لە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە، گروپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بە هەماهەنگی لەگەڵ گروپی پەناگە و ئاو و خاوێ کردنەوە و پاك و خاوێنی بەردەوامن لە کارکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو زیانەی ئەم دواییە بەهۆی بارانی بەلێزمە لە ناوچەکەدا.

## پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان

**333,000**

کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پێداویستیەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- خەڵکی لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان پێویستیان بە کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و پەناگەی پارێزراوە. تیایدا لەوانە ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە پەناگەی کاتیدا نیشتەجێن، ئەو کەسانەی تریش کە لەگەڵ خێزانە خانەخۆییەکان دەمێننەوە و کەسانی تری زیان پێگەیشتوو لەماڵەکانی خۆیاندا دەمێننەوە.
- بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکانی وەرزی زستان، پەناگەی پارێزراو، گەرمکەرەوە و سووتەمەنی، جل و بەرگی گەرم و بەتانیەکان بریتین لە پێویستیە لەپێشینەکان.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 461 پێداویستی کەل و پەلی ناخۆراکی دابەشکرابوون، بەمەش کۆی ژمارەی ئەو پێداویستیانەی کەل و پەلی ناخۆراکی لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم کە دابەشکرابوون دەگاتە 55,628 پێداویستی، کە دەگاتە دەستی زیاتر لە 333,000 کەس.
- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، ٤٨ لەسەدای ئەو کەسانەی کە پێداویستی کەل و پەلی ناخۆراکیان وەرگرتووە هەروەها کەل و پەلە سەرەکیەکانی وەرزی زستانەی زیاتریان وەرگرتووە، لەوانە جل و بەرگ، گالۆنەکان بۆ سووتەمەنی و فەرشە گەرمکەرەوەکان.
- کەل و پەلە وەرزیەکانی وەك پێڵاوەکان و مافورەکان و بەتانی و لێفەکان وسۆپاکان گەرمکەرەوەکان، بۆ زیاتر لە 1,654 سەرۆك خێزان دابەشکرابوون لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەمەش کۆی ژمارەی ئەو خێزانانەی کە هاوکاری کراون بە پێدانی کەل و پەلەکانی وەرزی زستان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم دەگاتە 65,733 (385,000 کەس).
- 3,400 ڕەشماڵ دانرابوون، بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، بەمەش کۆی گشتی ژمارەی ئەو ڕەشماڵە خێزانیانەی کە چەسپ کراون لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان دەگاتە 31,399 بۆ دابین کردنی پەناگە بۆ 188, 000کەس.
- 637 پێداویستیەکانی پەناگەی تەنگەتاوی دابەشکرابوون بۆ دابین کردنی چارەسەریەکانی ماوە کورتی تەنگەتاوی بۆ ئەو کەسانەی دەچنە ناو خێوەتگەکان، بەمەش کۆی ژمارەی پێداویستیەکانی پەناگەی تەنگەتاوی کە لە ١٧ی تشرینی یەکەم دابەشکراون دەگاتە 4,321.
- چالاکیەکانی گروپ بە شێوەیەکی سەرەکی جەختیان کردبۆوە لەسەر خێوەتگەکانی حەسەن شام و قەیماوە و گەیارە و نەرگیزلیە١ و ئەل عەلەم لە ناوچەکانی ١ و٢ و٤ لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە.
- گروپەکە هاوکاری دابین دەکات بۆ زیاتر لە 500 کەس کە ئاوارەبوون لە ناوچەی تەلکێف بۆ خێوەتگەی نەرگیزلیە١ کە تازە دەرگای کراوەتەوە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- دابین کردنی هاوکاری بۆ خێزانە خانەخۆییەکان، ئاوارەکانی کە لە پەناگەی کاتیدا نیشتەجێن و خەڵکانی زیان بەرکەوتوو کە لە لادێیەکانی خۆیان ماونەتەوە بریتی یە لە بۆشاییەك کە گروپەکە دەگەڕێت بەدوای پڕکردنەوەی. دەستنیشانکردنی ئەگەری سوودمەندبووان و پێویستیە دیاریکراوەکانیش بریتی یە لە بەرەنگاریەك.
- هەماهەنگی لەنێو خودی گروپەکە و لە نێوان هاوکارانی تر پێویستی بە بەهێزکردنە.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

**385,901**

کەس هاوکاری کراون بە وەرگرتنی پارچەکانی خۆراکی ٣٠ ڕۆژە لەوەتەی ١٧ تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان پێویستیان بە هاوکاری خۆراکی ئامادەکراوە بۆ خواردن لە کاتی گەیشتنیان بە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان و خێوەتگەکان، و دوابەدوای هاوکاری لە جۆری پارچەی خۆراکی مانگانە.
- خەڵکانی زیان بەرکەوتوو لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، لەوانە خەڵکانی زیان بەرکەوتوو، هاووڵاتیان و کۆمەڵگا خانەخۆییەکان پێویستیان بە خۆراکی ئامادەکراوە بۆ خواردن وەك بەهاناوەچوونێکی بەپەلە کاتێك دەستگەیشتنی مرۆیی دەکرێت ئەنجام بدرێت و هاوکاری زیاتر لە جۆری پارچەکانی خۆراکی ووشك بۆ تەواوکاری ئەو هاوکاریەی کە حکومەت دابەشی دەکات.
- لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، خێزانەکان ڕاپۆرت دەکەن لەبارەی دەرفەتەکانی دامەزراندنی سنوردار و بەرزبوونەوەی نرخەکانی خۆراك بریتین لە نیگەرانیە سەرەکیەکانیان. ئەو خەڵکانە زۆرجار دەستیان ناگات بە سیستەمی دابەشکردنی خۆراکی گشتی.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی گروپ پارچەکانی خۆراکی ووشکیان دابەش کردووە بۆ 9,582 خێزان کە دەکاتە (49,399 کەس)، لەوانە 21,260 ئاوارە لە خێوەتگەکانی (خازر م١، جەدعە٣ و حەسەن شام م٢ و بنکەی ئاسمانی گەیارە)، و 28,139 کەسی زیان بەرکەوتوو لە قەزای حی ئەل خەزرای شاری موسڵ و لە ١٦ کۆمەڵگای کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، دابەشکردنەکانی دەرەوەی خێوەتگە بۆ حالەتە تێکەڵەکان بوون لەوانە بۆ ئەو کەسانەی کە لە لادێیە نزیکەکانن.

- هاوکارانی گرووپ 32,205 پارچەی خۆراکی ئامادەکراوی خواردنیان دابەشکردووە بەسەر ئەو کەسانەی لە ناو قەزاکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵن لەوانە (لە ئەل بەکر، ئەل خەزرا و ئەل ئیخە)، و لە تەل تیبە، بێجوانیە و حەمام عەلیل و ئەل سەلامیە و ئیبراهیم خەلیل و ئەل کینهس. ئەل خزر و ئەل بوساتیلە و خیرز.
- هاوکارانی گرووپ 700 ژەمی گەرمیان بۆ ئاوارەکان دابەش کردووە لە خێوەتگەی حەسەن شام م٢.
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران 3,750 پارچەی خۆراکی ووشکی دابەشکردووە هەروەها 7,250 پارچەی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن لە خێوەتگەی جەدعە و ناوچەکانی لادێ ی نەمرووود.
- هەوڵەکانی هەماهەنگی بەردەوامیان هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سەرچاوەکان زیادکراون و دووبارە نەبوونەوەی خزمەتگوزاری گەیاندن سەر هەڵنادات.
- گرووپەکە بانگەشە و پلاندانان لەخۆدەگرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هاوکاری هەیە بۆ دووبارە بوژاندنەوەی ژیان و گوزەران، لەوانە نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی کشتوکاڵ لە ڕێگەی خشتەکانی پارەی کاش بۆ ئیش و کار و دەستپێشخەریەکانی مەڕوماڵاتی تەنگەتاوی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێك نیە تاکو ڕاپۆرتی لە بارەیەوە بکرێت.

## تەندروستی

**277,307**

کەس ڕاوێژکردنی تەندروستیان وەرگرتووە لەوەتەی١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- پێویستە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی و نەخۆشخانە مەیدانەکان لە نزیك شاری موسڵ دابمەزرێن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ئاستی دوو لەوانە (جیاکردنەوەی برینداران، بەڕێوەبردنی ڕاتەکانی دەروونی و نەشتەرگەری).
- پێویستیەك هەیە بۆ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی زیاتر بۆ ڕەوانەکردنی حاڵەتە خراپەکان لە بەشەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژئاوای شاری موسڵ بۆ نەخۆشخانەکانی ئاستی دوو.

بەهاناوەچوون:

- هاوکارانی تەندروستی ڕاپۆرتیان کردووە بۆ کۆی گشتی 35,313 ڕاوێژکردن لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. لەو ژمارەیە، 8,719 ڕاوێژکردن بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی ئەنجام دران.
- لەم هەفتەیە،816 کەس لە شاری موسڵەوە ڕەوانەکرابوون بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر بەهۆی برینەکان.
- 3,792 ڕاوێژکردنی چاودێری تەندروستی ئافرەتان ڕاپۆرت کرابوون لەگەڵ 234 حاڵەت ڕاپۆرت کرابوون هەروەك ڕەوانەکرابوون بۆ ئاڵۆزبوونەکان لە ماوەی دووگیانی یان منداڵبوون.
- 53 ڕاوێژکردن بۆ تەندروستی دەروونی یان هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەنجام درابوون.
- کۆی گشتی 1,411 کوتانی ئیفلیجی و 1,407 کوتانی سۆریکە بەڕێوە بردرابوون بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵی. هەڵمەتێکی تایبەتی بۆ کوتانی سۆریکە و ئیفلیجی و سۆریکەی ئەڵمانی لە پارێزگا سەرەکیەکان لەوانە لە نینەوا لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ کۆتایی پێهات، و هەڵمەتی چاودێری کردنی دواتر لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ دەست پێدەکات.
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراق و وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە و سەردانی باڵەخانەکانی تەندروستیان کرد لە هەولێر کە بەهانای قەیرانی موسڵ و خێوەتگەکانی ئاوارەکانەوە دەچن لە نەینەوا. نۆرینگەی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە خێوەتگەی حەسەن شام بە فەرمی لەلایەن وەزیری تەندروستی عێراقەوە کرایەوە.
- پێنج یەکەی سەرەکی پێداویستی تەندروستی تەنگەتاوی فرە ئاژانس گەێندراونەتە سەنتەری چاودێری تەندروستی گشتی ئەل قادسیە لە ناو موسڵ لە ڕۆژی ٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ لەلایەن جێگری پارێزگاری نەینەوا.
- تیمی بەهاناوەچوونی تەندروستی لە شێخان بەهانای ئاوارەبوونەکانەوە چووە لە تەلکێفەوە بۆ سەنتەری نەرگیزلیە بۆ پشکنینی ئاوارەکان لە نێوان ٢٩ و ٣٠ی کانوونی یەکەم، لەگەڵ خزمەتگوزاریەکانی کوتانی تەنگەتاوی، خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی سەرەتایی لەوانە تەندروستی ئافرەتانی دووگیان و چاودێری کردنی نەخۆشیە گواستراوەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- بۆشاییەك هەیە لە ستافی پزیشکی بۆ یەکەکانی نەشتەرگەری و نەخۆشخانە مەیدانیەکان.

## ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی

پێویستیەکان:

**513,005**
کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە هاوکاری و خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمامیان وەرگرتووە

- پێویستیەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام و پاك و خاوێنی لە ئێستادا لە ژێر گفتوگۆدان بۆ خێوەتگە پێشنیازکراوە تازەکان لە ناو بەرتلە و سەلامیە و حەمام عەلیل.
- پێویستیەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام و پاك و خاوێنی لە ناو خودی شاری موسڵ زۆر بە پێویستی دەمێننەوە. خێزانەکان بە شێوەیەکی زۆر بیرە نزمەکان بەکاردەهێنن، و ڕاپۆرتەکانیش هەن لەبارەی بیرەکان کە ووشك دەبن یان بۆگەن دەبن وەکو دەرەنجامێك بەهۆی زیاد لە پێویست بە کارهێنانی.

بەهاناوەچوون:

- 109,244ئاوارە کە دەکاتە (18,207خێزان) خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام و پاك و خاوێنی لە ناو خێوەتگەکان و شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان وەردەگرن.
- تانکەری ئاو لە ناو موسڵ فراوانکراوە بۆ ٣٣ گەڕەك، لەگەڵ ٥٠ تانکی ئاو بە توانای ٥ مەتر سێجا بۆ هەر یەکەیان کە ئاوی خواردنەوە دابین دەکات بۆ خەڵکی تاکو دەستیان پێبگات.
- بنیاتنانی خێوەتگە بەردەوامە. 26,494 شوێنی ئامادەکراوی تەوالێت و حەمام ئامادەکراون لەسەرتاسەری ١١ خێوەتگە و شوێنە تەنگەتاویەکان و 423 شوێنی تەوالێت و حەمام لە شوێنە کاتیەکانی گواستنەوەی ئاوارەکان بۆ ئەگەری خزمەتکردنی 161,502 ئاوارە. بنیاتنانی شوێنی تەوالێت و حەمام لە خێوەتگەکانی چەمەکور و حاج عەلی تەواو کراوە.
- هاوکاری ئاو و تەوالێت و حەمام لە سەنتەرەکانی پێشوازی کردن بەردەوامە، لەگەڵ کۆمەکیە بەردەوامەکانی ئاو، چاککردنەوەی حەمامەکان و بەڕێوەبردنی پاشماوە کۆمەکیان پێدراوە بۆ هەموو ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی کاتی گواستنەوەدان.
- بەرەوپێشچوونەکان بۆ دابین کردنی کۆمەکی ئاو لە خێوەتگەکانی بنکەی ئاسمانی گەیارە و جەدعە لە ڕێگادان، لەگەڵ یەکەیەکی تازەی چارەسەرکردنی ئاو و پلانی بۆ دانراوە بۆ بەرهەم هێنانی ئاوی هەڵگیراو بۆ هەردوو خێوەتگەکە کە لە ئێستادا لە ژێر تەندەرن. باشترکردنەکانی کاتی جۆری ئاو لە بەرەو پێشچووندان، لەگەڵ یەکەکانی چارەسەرکردنی ئاو چەسپ کراون لە هەردوو شوێنەکانی جەدعە و بنکەی ئاسمانی گەیارە بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوەی خاوێن.
- گەیاندنەکانی کلۆر بۆ ناو حەمام عەلیل ئەنجام درابوون لە ماوەی ئەم هەفتەیە، و لە ئێستادا ئاو دابین کراوە لەگەڵ لابردنی میکرۆبی سەرەکی.
- هاوکاری تەوالێت و حەمامی تەنگەتاوی بۆ قوناغی سێ ی جەدعە دابین کراوە و لە ئێستادا خێر کراوە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- ڕێگریەکان لەسەر دەستگەیشتنی مرۆیی کۆمەکی ئاو و دابەشکردنی کلۆر لەو لادێیانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت سنوردار دەکەن.
- مەترسیەکی زۆری بۆمبە چێندراوەکان هەیە لە ناو ئاسانکاریەکانی ئاو وەکو ووێستگەکانی پەمپی ئاو، بیرەکان و ووێستگەکانی چارەسەری ئاو لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت.
- پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ نۆژەنکردنەوەی ماوەی درێژی ووێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاو بەپەلە پێویستە بۆ ڕێگەدان بە هاوکارانی مرۆیی بۆ گەیاندنی دەستگەیشتنی بەردەوام بۆ ئاوی هەڵگیراو.

## پاراستن

پێویستیەکان:

**70,196**
کەس هاوکاری پاراستنیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

- ئاوارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان و هاووڵاتیانی زیان بەرکەوتوو کە ئاوارە نەبوون پێویستیان بە پاراستنە. سەرۆك خێزانە ئافرەتەکان، ئافرەتانی دووگیان، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، منداڵان و بەساڵاچووان ئەو کەسانەشی کەوا دەزاندرێت پەیوەندیان بە داعشەوە هەبێت لە مەترسیەکی تایبەتیدان و هەموویان زیانیان پێگەیشتووە.
- مادده تەقەمەنیە ژەهراویەکان وەك بۆمبەچێندراوەکان بەردەوام دەبنە مەترسیەکی گەورە لە ناو شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری.
- پێویستیەك هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە میکانیزمەکان هەن بۆ دەستنیشانکردنی جیابوونەوەی خێزان لە ماوەی ئاوارەبوون و پرۆسەکانی پشکنین بە بەردەوامی ڕاپۆرت کراون لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنەکانی بەپەلەی پاراستن.
- پێویستیەك هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە خێوەتگەکان ڕووناککەرەوەی گونجاویان بۆ دابین کراوە بۆ دڵنیاکردنەوەی دابین کردنی خزمەتگوزاری، زیادکردنی سەلامەتی و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.
- لەناو خێوەتگەکان، جۆرێتی ئاوی خواردنەوە بریتی یە لە نیگەرانیەکی مەزن.

بەهاناوەچوون:

- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 70,196 کەس لەلایەن هاوکارانی پاراستن هاوکاری کراون.
- ١٩ هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن ئەنجام دراون لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم لە دامەزراوەکانی ناو خێوەتگە و لە دەرەوەی خێوەتگە.
- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 5,326 خێزان کە دەکاتە (28,454 کەس) هاوکاری کراون لەلایەن تیمەکانی چاودێری کردنی پاراستن؛ 3,788 کەسی تر هاوکاری کراون بە پێدانی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی گشتی و 628 حاڵەت ڕەوانەکرابوون لەلایەن تیمە گەڕۆکەکانی پاراستن بۆ هاوکاری کردنی تایبەت.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 2,002 منداڵ کە دەکاتە (831 کچ و 1,171 کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە، و 1,284 منداڵ کە دەکاتە (626 کچ و 658 کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 15,746 منداڵ کە دەکاتە (7,284 کچ و 8,462 کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. 16,968منداڵی تر کە دەکاتە (8,375کچ و 8,593کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 2,542 کەس کە دەکاتە ( 539 کچ و 1,010 ئافرەت و 461 کوڕ و 532 پیاو) زانیاریان وەرگرتووە لەسەر کەمکردنەوەی مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەرجەستەکراون. هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی یان ڕاوێژکردنی قەیران بۆ 217 کەس دابین کرابووکە دەکاتە ( 170کچ و2 کوڕ و 40 ئافرەت و 5 پیاو)، لەگەڵ 26 حاڵەتی ڕەوانەکردن کە دەکاتە ( 15ئافرەت و 6 کچ و 5 پیاو) بۆ چاودێری تایبەت، لەوانە بەڕێوەبردنی حاڵەتی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.
- هاوکارانی گرووپی مین هەڵگرتنەوە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم لەسەر مەترسی مین و کەمکردنەوەی ئەو مەترسیەی کە هاتوتە کایەوە بەهۆی ماددە تەقەمەنیە ژەهراویەکان پەروەردەیان بۆ 11,870 کەس دابین کردووە. لەم هەفتەیە هەڵسەنگاندنێکی کاریگەری هەرشە جێبەجێ کرا لە میحوەری سوڵتان عبداللە ڕاپۆرت کراوە کە زۆر پیس بووە بەهۆی هەردوو بۆمبە چێندراوەکان و تەقەمنی یەدەگی نەتەقێندراو. هەڵسەنگاندنەکە بەردەوام دەبێت لە ماوەی ڕاپۆرتی داهاتوودا.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی هاوکاری یاسایی بۆ هەرزەکارە گیراوەکان کە وەك بۆشاییەکی بەرچاو دەستنیشان کراوە.
- دڵنیاکردنەوەی خەسڵەتی مەدەنی هەندێك لە شوێنە دیاریکراوەکانی ئاوارەبوون بریتی یە لە ڕێگریەکی گەورە لە باشوری شاری موسڵ.
- هەروەك ئاوارەبوون لە موسڵەوە بەردەوامە، توانای سنورداری خێوەتگە لەوانەیە ئاوارەکان بخاتە ناو شوێنە تەنگەتاویەکان کە مەترسیان لەسەرە ناچاربکرێن یان زووتر بگەڕێندرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.
- گۆڕانی بەپەلەی بارودۆخەکانی ئەمن و ئاسایش و دەستگەیشتنی مرۆیی فراوانکردنی هاوکارانی پاراستنی منداڵان سنوردار دەکات لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ.
- نەبوونی چالاکیە گونجاوەکان بۆ کچان و کورانی هەرزەکار وەك بۆشاییەکی بەرچاو دەستنیشان کراون.
- ڕێگریەکان لە جولانەوەی هاووڵاتیان لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە لە ڕۆژهەڵات و باشوری موسڵ بەهۆی شڵەژاوی بارودۆخی ئەمن و ئاسایش و ئەمە و لەگەڵ نەبوونی هاوکارانی باوەڕپێکراو لە ناوچەی ٤ بریتین لە ڕێگریە گەورەکان بۆ پاك کردنەوەی ئەو ناوچانەی کە بەهۆی تەقەمەنی یەدەگی نەتەقێندراو و بۆمبە چێندراوەکانەوە پیس بوون.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

**11,370**
کوڕ و کچ دەستیان بە خوێندن کردووە لە 24 ژینگەکانی فێربوونی کاتی

- 31,976 منداڵ لە کۆی 43,346 منداڵی ئاوارە لە ناو خێوەتگەکان دەستیان بە هیچ پەروەردەیەکی فەرمی ناگات.
- منداڵان لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ پێویستیان بە پەروەردەیە، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ خوێندنیان لە قوتابخانە لەدەستداوە.

بەهاناوەچوون:

- شوێنێکی ١٢ پۆلی فێربوونی کاتی بۆ پەروەردەی فەرمی لە خێوەتگەی حەسەن شام U-3 دامەزراوە. شوێنەکەی فێربوونی کاتی ڕادەستی بەشی پەروەردەی نەینەوا دەکرێت. لە ئێستادا، 1,500 منداڵ دەستیان بە خوێندن کردووە لە شوێنەکەی فێربوونی کاتی نافەرمی لە ناو خێوەتگەکە.
- شوێنێکی ٨ پۆلی فێربوونی کاتی بۆ پەروەردەی نافەرمی لە خێوەتگەی خازر ٢ دامەزراوە. تاکو ئێستا 900 قوتابی کە دەکاتە (432 کچ و 468 کوڕ) لە ناو شوێنەکەی فێربوونی کاتی دەستیان بە خوێندن کردووە و زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و زانست و بیرکاری دەخوێنن.
- کۆی گشتی 11,370 منداڵی ئاوارە کە دەکاتە (5,458 کچ و 5,912 کوڕ) لە ٢٥ شوێنی پۆلی فێربوونی کاتی دەستیان بە خوێندن کردووە لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و گەیارە و جەدعە و لە پۆلە نۆژەنکراوەکان لە تکریت و ئەل عەلەم.
- ٤٠ لە ئەندامانی کۆمەڵەی مامۆستایانی خێزانی کە دەکاتە (20 پیاو و 20 ئافرەت) مەشقیان پێکراوە لە ناو قوتابخانەکان لە ناو ئەل عەلەم و تکریت. مەشقەکە ئامانجی بریتی یە لە باشترکردنی توانای ئەندامانی کۆمەڵەی مامۆستایانی خێزانی بۆ هاوکاری کردن لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- بۆشاییەکان لە پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ چالاکیەکانی پەروەردە لە ناوچەکانی دەرەوەی خێوەتگە بەردەوامە لە سنوردار کردنی توانا بۆ خێراکردنی هاوکاری لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە. لەو شوێنەی کە منداڵان لەوانەیە لە دەرەوەی قوتابخانە بووبن بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ.

## کەل و پەلەکان

1,257 مەتردووجا
لە شت و مەك و کەل و پەلی ناخۆراکی ڕادەستکراون بە ناوی ١٠ ڕێکخراو لەم هەفتەیە

بەهاناوەهاتن:

- کۆی گشتی 14,246 مەتر سێجا لە کەل و پەلە ناخۆراکیەکان، کە هاوتایە بە 2,037 تەن مەتر، لەلایەن گروپەوە بە ناوی ٢١ ڕێکخراوی مرۆییەوە ڕادەستکراوە.
- کۆی گشتی شەش گەشتی ئاسمانی بارهەڵگر کە 180 تەن مەتری هەڵگرتبوو لە بەشداریکردنەکانی جۆری میکانیزمی پاراستنی مەدەنی سەر بە یەکێتی ئەوروپا (لەوانە تیایدا پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و ئاو و خاوێنکەرەوە و پاك و خاوێنی و ئامێری تەندروستی) ئێستا گەیشتە هەولێر.

گروپی کەل و پەل، لەڕێگەی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئۆچا، ئامادەکاری دەکات بۆ پاکانەی گومرگ، پسوولە، کۆگا و ناردنی ئەو کەل و پەلانە بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان لە ڕێگەی گروپە پەیوەندیدارەکانەوە.

- گروپەکە کۆتایی دەهێنێت بە ئامادەکاری لەگەڵ هاوکارێکی ڕێکخراوی ناحکومی بۆ چەسپکردنی سێ یەکەی کۆگای گەرۆك بۆ مەبەستەکانی کۆگای باو لە خێوەتگەکانی خازر و دیبەگە، بۆ دابین کردنی 800 مەتر دووجای تر لە توانای پێش وەختە بۆ کۆمەڵگای مرۆیی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هاوکارانی گروپ ڕاپۆرتیان کردووە سەبارەت بەوەی کە تێچووی بەکرێ گرتنی کۆگاکان لە دهۆك بەرزە و پێشبڕکێیەکی گەورە هەیە لە نێوان کۆمەڵگای مرۆیی بۆ موڵکەکان. هەروەها پێویستی زیاتری کۆگا هەیە لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکانی تەنگەتاوی تازەی نەرگیزلیە و قەیماوە.

## پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

$600,000
بۆشایی هەیە لە پاڵپشتی کردنی دارایی

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان

ڕۆژانە
بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە موسڵەوە لەوتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

بەهاناوەچوون :

- سەنتەری زانیاری ئاوارەکانی عێراق 618 پەیوەندی تەلەفۆنی مەیدانی ئەنجام داوە لە ڕێگەی سەنتەری پەیوەندیکردنەکەیەوە. 11حاڵەت بۆ هاوکاران ڕەوانە کرابوون بۆ کاری بەدواداچوونیان. زۆربەی پەیوەندیەکان کە پەیوەندیان بە موسڵەوە هەبوو داوای هاوکاری خۆراك و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان (سووتەمەنی و بەتانیەکان و جل و بەرگەکان)، ئاو و چاودێری تەندروستی و پاراستنیان دەکرد.
- تۆمارکەری بەدواداچوونی میکانیزمی بەدواداچوونی تەنگەتاوی بۆ موسڵ 125,568 کەسی ڕاپۆرت کردووە کە دەکاتە (20,928 خێزانە) لە ٢ی کانوونی دووەم لەوتەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦وە ڕاپانکردووە.
- تیمەکانی هەماهەنگی مەیدانی گەرۆکی لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی عێراق ڕاپۆرتەکانی دابین کردووە بۆ کۆمەڵگای مرۆیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر جوڵانەوەی دانیشتوان و پێویستیە بەپەلەکانی مرۆیی و پاراستن لە شوینە مەیدانیەکانەوە، لەوانە ئەو ناوچانەی کە بە ئاستەم دەستیان پێدەگەیندرێت، حەمام عەلیل و بەعشیقە و بەرتلە و کەریملەش، نەمروود و گوێر و بەردەرەش و ئەلقوش و گەیارە و شورە و شەرگات.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هاوکارانی کاروباری مرۆیی دووچاری زیادبوونی ڕێگریەکانی دەستگەیشتن دەبنەوە لە گەیشتن بەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە، لە هەردوو لا لە ناو شاری موسڵ و لە ناوچەکانی ئاوارەبوون.

## هەماهەنگی کردنی گشتی

تیمێکی ڕاوێژکاری باڵا کە پێك دێن لەوانە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی سەربازی و ڕێکخەری مرۆیی بە بەردەوامی کۆدەبنەوە بۆ بەڕێوەبردنی کێشە ستراتیجیەکانی مرۆیی. تیمی ڕاوێژکاری باڵا دڵنیایی دەدات لە تەواوی هەماهەنگی لە نێوان هەموو هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. خانەیەکی تەنگەتاوی کە پێك دێن لە سەرکردەی گروپی ئاژانسەکانی کە لە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ کاردەکەن و کە سەرکردایەتی دەکرێن لەلایەن ڕێکخەری مرۆیی و هەفتەی سێ جار کۆدەبنەوە بە گوێرەی پێویست. تیمی مرۆیی لە وولات وەکو پێکهاتە ستراتیجیەکەی هەماهەنگی دەمێنێتەوە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ تێڕوانینی بەهاناوەچوونی مرۆیی لە عێراق. گرووپی هاوبەشی کارکردن، کە پێك دێن لە سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ئۆچا هەفتەی جارێك کۆدەبنەوە بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی کرداری بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. ئۆچا سەنتەرێکی ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی لە هەولێر دامەزراندووە. سەنتەری ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی هەماهەنگی لە نێوان گروپەکان و ڕێکخەرانی ناوچەکان و ڕێکخەری مرۆیی بەهێزدەکات. چوارچێوەیەکی هەماهەنگی مرۆیی مەدەنی – سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری دەکات بۆ دەستگەیشتی مرۆیی، پاراستنی هاووڵاتیان و ئەمن و ئاسایشی کارمەندانی فریاگوزاری مرۆیی.

ئەو دیوی قەیرانەکە

توندوتیژی فراوان و ململانێ ی چکداری لە عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤سەری هەڵدا. لە سەرەتادا لەسەر پارێزگای ئەنبار، لەگەڵ شارەکانی ڕومادی و فەللوجە جەختی کردەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت زیانیان پێگەیشت، توندوتیژیەکە و کاریگەریەکەی بە خێرایی تەشەنەی کرد، کە بووە هۆی ئاوارەکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لە مانگی ئایار. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش، بەیەکەوە لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، هێرشیان کرد و کۆنترۆڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان کرد موسڵ، بەشێکی زۆری باکوری عێراق، لەوانە پارێزگاکانی ناوچەکانی دیالە و کەرکوك و نینەوا و سەلاحەددین. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامی ململانێ ی چەکداری، ئاوارەبوونی بەلێشاوی ناوخۆیی، پێشێلکردنەکانی ڕاستەقینە و سیستەماتیکی پاراستنی هاووڵاتیان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، پچڕاندنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و کۆت و بەندی خراپ لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان. وەك دەرەنجامێك، عێراق لە ئێستادا دووچاری یەکێك لە گەورەترین قەیرانە مرۆییەکان دەبێتەوە لە جیهان، لەگەڵ زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. زیاتر لە ٤ ملیۆن عێراقی لە ناوخۆ ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، نزیکەی ٣،٣ ملیۆن کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن:
بۆ پرسیاری ڕاگەیاندن، کەریم ئەلکورانی، elkorany@un.org, Tel: +964 790 193 1292
بۆ پرسیاری تر: دامیان ڕانس، rance@un.org
بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن: www.reliefweb.int
بۆ زیادکردن یان لابردن لە لیستی ئیمەیڵ: http://bit.ly/2dDYK3D